بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی لەبارەی پشووی ڕۆژی یەکشەممە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاندووە، سبەی یەکشەممە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە سلێمانی دەوام ئاسایی دەبێت و پشوو نابێت.

ئەمەش لەکاتێکدا، بەهۆی شەپۆڵی سەرما و بەفربارین لە بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی هەرێم لەوانە، قەزای پێنجوێن لە باکووری پارێزگای سلێمانی بۆ سبەی یەکشەممە 23ـی شوبات کرایە پشوو.

هاوکات بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستاندا کەشی پێشبینیکراوی ڕۆژی یەکشەممەی ڕایگەیاند، بۆ سبەی یەکشەممە 23ـی شوباتی 2025، ئاسمان هەوری تەواو دەبێت، لەگەڵ بارینی بەفر لە زۆربەی ناوچە بەرزەکانی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی هەرێم بەشێوەی پچڕ پچڕ، بەفربارین سەنتەری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەگرێتەوە و بارینی بەفرێکی کەم لە سەنتەری پارێزگای هەولێر و کەرکووک.

هەروەها پلەکانی گەرما بۆ سبەی یەکشەممە نزم دەبێتەوە لەنێوان 2-4 پلەی سیلیزی بەراورد بە تۆمارکراوەکانی ئەمڕۆ شەممە.